# داوای لێ بووردن

وەك پێشتر ڕوونمان كردەوە گەورەترین هۆكە (هەڵوێست) ی ڕاگرت ئەو زیانە زۆرە بوو كە توانای بەردەوام بوونمان نەبوو چونكە پاش ئەوەی دەركردنی ڕۆژنامەكە زۆر ئەكەوت لە سەرمان ئێمە ئەهاتین بە نرخی پارەی تەنها (دووچا) ئەمان فرۆشتەوە لەوەش هەمدیسان بەشێكی تری لێ ئەچوو بۆ ڕۆژنامە فرۆشەكان واتە لە دواجاردا لە نرخی (چاو نیوێكدا) ئەوەستایەوە جگە لە خەرجی تر لەبەر ئەوە هەقی خۆمان بوو (ڕایگرین). ئەوەی لای ئێمە ئەمێنێتەوە ئەو بابەت و نووسینانەیە كەهی خەڵكی دڵسۆزن و تا ئێستا بواری بلاوبوونەوەیان بۆ نەگونجاوە ئێمە داوای لێ بووردنیان لێ ئەكەین و حەز ناكەین لێمان زویربن چونكە هیچ شتێك لە دەسەلاتی ئێمە دا نەبووە , جارێكی تریش بمان بوورن .

# ئەبێ كەر بیكات و كەر بیخوات

ئەمە دروشمی گروپی (كەر گەلی كوردستان)ە كە (عومەر كلۆلێ)ڕابەرایەتی ئەكات. ئەم گروپە بەردەوام هەر (لەقە)یەك واتە (بەیان) دەرئەكەن بەشی ئێمە ئەنێرن و بوونە دۆست لەم ڕۆژانەدا لە (لەقە)یەكیاندا وەهایان نووسیوە: كۆمەڵەی كەرانی میسر / ئەم كۆمەڵەیە لە ساڵی (١٩٣٠) دامەزراوە. لەلایەن كۆمەڵێك خەڵكی سیاسەتمەدار و نووسەر و ڕۆشەنبیری و هونەرمەندی میسرەوە وەك (نەجیب محفوظ) گەورە نووسەری (میسر) و (توفیق حكیم) و (عباس محموود عەقاد) ... هتد وە ئەندامەكانیان زۆربەیان هونەرمەند و ڕۆشنبیرن وەك (عادل امام و طە حسین و سەید بدیر و لیلی علوی و نادیە مصطفی و نادیە لطفي)و (هەزاران خەڵكی خاوەن سۆز و هەست زیندووی میسر) ئێمەش ئەڵێن ئاخۆ لەمەوبەدوا كامە (خاوەن سۆز و هەست زیندووی)ی لای ئێمەی كوردیش لە ژێر دروشمی (ئەبێ كەر بیكات و كەر بخوات)دا ئەو شەرەفە گەورەیەی (كەربوون) بە خۆی بگەیەنێ و ئەمجارە لەوێوە ئالای ڕزگاری (نەسرەوتن تا سەركەوتن) بەرزكاتەوە و خەباتی درێژخایەن بخاتە سەر شانی خۆی و كوردستان ئازاد بكات چونكە دوای ڕووخاندنی ڕژێمی فاشی (سەدام) وەك ڕۆژ ڕوونە كە خەباتێكی تری درێژخایەن لەبەردەمی نەوەی ئێستا و ئایندەدایە و پێویستە كورد خۆی بۆ ئامادەبكات (دوارۆژ)یش دەری ئەخات كە وایە یان نا.



# بەیارمەتی خۆتان

**ئاكۆ مەجید**

لای برادەرێكم وەستا بووم كە كەسێك هات و (پێناس) ێكی دایە دەست و ڕۆیشت .
ئەویش وتی :
– ئەزانی ئەوە پێناسی كێ یە ؟
منیش لێم وەرگرت و سەیرێكم كردو بەسەرسوڕمانەوە وتم :
– ئەوە خۆ فلان كەسە . باشە بۆ لای ئەو برادەرە بوو ؟
ئەیش بەدەم پێكەنینەوە وتی :
– لە (ئاسایش) ەوە داوای ئەو پێناسە ئەجنەبی یەیان لێ كردبوو بۆ ئەوەی ماوەی مانەوەی بۆ تازە بكەنەوە .
بەسەر سوورمانەوەوتم :
– ڕۆژگارێكی سەیرە . یانی ئەوانەی (هەندەران) لای ئاسایشی ئێرە حسابی ئەجنەبی یان بۆ ئەكرێ و كەچی هەرچی دامو دەزگای بەناو حكومەتە دراوەتە دەستی ئەوان و ئەوان كراون بە هەمووشت و خەڵكە ئەسڵی یەكەش هیچ بە دەستە .لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان بە پێ ی یاسای ئێرە بێگانەن وەك ئەسڵ وفەسلی ئێرە نین ئاخر ئەم دوفاقی یە مانای چی یە و چ حیكمەتێكی تێدایە ؟ كە ئەوان بێگانەن و فڕیان بە ئێرەوە نەماوە بۆ دەسەڵات بەدەست ئەوانەوەیە و خەڵكی ئێرەش هیچ كارەیە ؟ !!
برادەرەكەم دایە قاقای پێ كەنین و بەدەنگی بەرز وتی :
– ئەڵێ ی لەسیاسەت نەگەیشتوویت . ئاخر بەوە ئەوترێ سیاسەت و پیاوانی سیاسی ئێستا قاوانجیانە سیاسەت بەو جۆرە بكەن و سیاسەتبازانە كارەكان جێ بە جێ بكەن .
تۆگوناحیت لە چاوی كتێبەوە ئەڕوانیتە سیاسەت و ئاگات لێ نی یە دنیا كە سەروبن گۆڕاوە و هەموو شتێك هەڵگەڕاوەتەوە .
منیش پێم وتەوە :
– برا گیان وەها بە گەوج سەیرم مەكە . ئەزانم شتەكان گۆڕاون بەڵام ئەوی ڕاستی بێت تا ئێستا نەمزانیووە كە زۆرینەی خەڵك كوژراوی دەستی دوفاقی یە و هەموو (گوڵ) لەیەكتر ئەكەن وەك گورگ تێك بەر بوون .
بەراستی ئەم ڕۆژگارە ڕۆژگاری گورگە و مرۆڤیش باشترین گورگە بۆ گیانی یەكتری و ئەوەی نەیەوێت بێت بە گورگ دڵنیا بێت بەخۆی بزانێ یا نەزانێ هەر بە زیندوویی خوراوە . ئای كە سەیرە بە چاوی خۆمان مرۆڤی بە گورگ بوو ئەبینین لە پێناوی قاشێك لەزەتدایەكتری ئەخۆن و ژیان ناشیرین ئەكەن .

# چاپكراوی نوێ










چاپكراوی نوێ

چاپكراوی نوێ










ئەوی ڕاستی بێت واتان فرۆشتین
باهای پوشێكتان بۆ جێ نەهێشتین
كوردی ناو عێراق ئیتر چی دەوێ؟
ئەی ئەوە نییە لە ناو(بەهەشت)ین

**( ئەحمەد سەلام )**